له پەراویزی دادگایی کردنی صدام حسین ی تاوانباردا!

# دیمەنە شاراوەکانی پشتی دادگاکە..

عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

بەرواری2005/10/19 سەدام حسێنی سەرە جەلادو ژمارەیەك لە گەورەبەرپرسانی تری بەعس، بەتاوانی کوشتنی 143 کەس لەگوندی دوجیلی باکوری بەغدا، راپێچی بەدەم دادگاکران.

دیارە راپێچکردنی سەدام حسێن و سەرە تاوانبارانی بەعس بۆ بەردەم داداگا، خواستی هەموو خەڵکی عێراق و ناوچەکەو دنیای پێشکەوتنخوازە، خواستی هەموو ئەو ئینسانانەیە، کە شاهیدی درندەیی و هەوسارپچڕاوی ڕژێمی بەعس و سەرەتاوانبارەکانی بوون.

ئەگەر ئەمە ڕاستەیەکە، کە بەعس و سەدام حسێن، ئەوەی لەدەستیان هاتووە لەدژی ئازادیخوازی، لەدژی ماف و خواستەکانی خەڵك، لەدژی مخالیفینی خۆیان، لەدژی نارەزایەتی جەماوەری....ئەنجامیانداوە، کێویك لەمەرگەسات و تراژیدیای دڵتەزینی وەکو سەرکوت، زیندان، شکنجە، مل بەتاکردن، شەری خەڵکی ئازادیخوازی عێراق، شەڕی خەڵکی کوردستان، و بەکاربردنی کیمیایی و غازی مەرگچێن لە هۆرەکان و کوردستان، ئەنفال، لەگەڵ زەوی یەکسانکردنی سەدان ئاوایی‌وچەندین شارو شارۆچکە، بێسەروشوێنکردنی بەکۆمەڵو ژێرخاك خستنیان، وەرێختنی چەندین جەنگی دەرەکی،...ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکانی مێژووی حزبی بەعس و سەدام حسێنن.

ئەوا ڕوییەکی تری ئەم تاوانکاریە، لە لایەکەوە خودی ئەودادگا گاڵتەجارییە کە لە ژێرناوی یاساو دادگادا وەرێخرا، ئەو فریوکاییە کەلەرێگایەوە دەیانەوێ ڕاستیەکانی پشتی پەردەی دادگایی سەدام وسەرانی لەدژی خەڵکی عێراق بشارنەوە.

ڕاستە کوشتاری دوجیل وەحشیانەبووە، ڕاستە ئەبێ تاوانبارانی ئەم کوشتارە بدرێنە دادگا، بەڵام دەبێ پرسیار بکەین، بۆ دادگایی سەدام و سەرانی لەرووداوی دوجیلەوە دەست پێدەکات؟ خۆ بەر لەتاونی دوجیل، سەدان تاوانی گەورەتر بە دەستی ڕژێمی بەعس و سەرانی لەعێراق و کودستان، ئەنجامدراوە، و بەعس لەگەڵ هاتنی بۆدەسەڵات هەڵگری تاوانکاری و کوشتارو شکنجەو ئیعدام بووە، هەڵگری سەرکوتی نارەزایەتی جەماوەری و ژێرپێنانی خواستەکانی خەڵك و ئازادی سیاسی بووە، ڕوداوی ڕاگوێزانی هەزاران گوندو توندکردنی خەڵکەکەی لە ئۆردوگا زۆرە ملیپەکان و لەگەڵ زەوی یەکسانکردنی ئەم هەموو ئاوایانە لە ساڵی 1977دا و ڕاپێچکردنی سەدان خێزان لە ژێرناوی ئەوەی کە کورەکانیان یان کەسیان لە ریزی" مخریب" دابووە، ڕەوانەکردنی سەدان و هەزاران ئینسان بۆ کونجی زیندان و ئیعدامکردنیان بەدوای شکستی شۆڕشی ئەیلول، بوردومانی هەردوو شاری قەڵادزی و هەڵەبجە بە ناپاڵم و چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی و کوشتن و بریندارببوونی نزیك بە 400 کەس لە خوێندکارانی زانکۆو خەڵکی ئەم دووشارە لە ساڵی 1974دا،....دەیان ڕوداوی تر، هەمویان بەر لەروداوی دوجیل بوون، کەچی ڕوداوی دوجیلی ساڵی 1982 بەدەستەوەدەگیرێت بۆدادگایی کردنی سەرانی بەعس.

ئەمە بەرلەوەی ڕوخساری دادگایەکمان نیشانبدات، ڕوخساری هەر ئەو واقعیەتە تەڵخە نیشان ئەدات کەئێستا کۆمەڵگای عێراقی کردۆتە مەیدانی کوشتاری بەردەوام و هەمووساتە، دادگایەك کە لە ژێرسایەی داگیرکاری و درێژەی جەنگ و بەیەکدادانی تیرۆریستیدا دروستکرابێت، و بەر لەبونی حکومەت و پێکهێنانەوەی دەوڵەت قوتکرابێتەوە، بەر لەهەموو شت ناپاسایی بوونی ئەم دادگایە دەسەلمێنی.

هاوکات هەڵبژاردنی روداوی دوجیل، بۆ دادگایکردانی سەدام حسین و سەرانی، وێنەیەکی ڕۆشنمان لەسەر ململانێ ی سیاسی سەرساحەی سیاسی عیراق پیشاندەدات، وێنەیەك کە تیایدا لەهەموو باریکەوە دەیسەلمێنی کە کۆمەڵگای عێراق بەرلەوەی خاوەنی دەوڵەت یاسا و حکومەت بێت، خاوەنی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی میلیشیایی و ڕادەی پانتایی ئەودەسەڵاتەیە، ئیسلامی سیاسی شیوە شیعەکەی بەو پێ یەی کە ئێستا باڵادەستە، لە هەندەی خۆیدا لەگەڵ لایەنەکانی تر لە عێراقدا، ڕوداوی دوجیل بۆ دادگایی سەدام دەهێنێتە گۆر و لە بەرامبەردا دادگای کردنەکە دەسپرێت بە لستی هاوپەیمانی کوردستان.

هەروەها، هەڵبژاردنی روداوی دوجیل بۆ دادگایی تاوانباران، بۆدورخستنەوەی هەڵدانەوەی پەروەندەیەکی گەورەترە، کە چ سەدام حسین و رژێمەکە ی چ حەکیم و تاڵەبانی و بارزانی و چەلەبی و بزوتنەوەکانیان لەو پەروەندەیەدا، بەشیان هەیە.

ئەنفال، کیمیابارانی"هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان و هۆرەکان" و بێسەروشوێنکردنی بارزانیەکان، و کوشتاری درندانەی سەدان ئینسان لە جنوبی عێراق بەدوای ڕاپەرینی 1991 دا، ئەمانە بەوێنەی جینۆسایدی بەکۆمەڵ، هەمویان لەروداوی دوجیل گەورەترو درندانەترن، بەڵام هەر ئەوجەنابانەی ئەمرۆ لە هدنەیەی ناپاپەداو کاتیدا لە بەرەیەکدا کۆبونەتەوە، و لەلایەن ئەمریکاوە کۆنترۆڵ دەکرێن و

بەزۆر بەیەکەوە لکێنراون، هەمویان لەم روداوەگەورانەدا بەشداربوون و قەرەبوی ئەوتاوانکاریانەی بەعسیان، لە ساتوسەودای بەردەوامدا، وەرگرتووە. هەر لەبەرامبەر بەو قەرەبوو وەرگرتنەیە "سەدام حسێن دەبێتە حەکەم، نەك دوژمن".
بۆیە ئەمە رۆشنە ئەگەر دادگایەکی عادلانەو ئاشکرای جەماوەری هەبێت و بریار بێت تاوانبارانی عێراق بدرێنە ئەم دادگایە، وە پەروەندەی ئەم تاوانانە بخرێنە روو، ئەوا لە پاڵ سەدام حسێن و سەرانی تری ئەم رژێمەدا، ئەوانەی سیناریۆی ئەم داداگایەیان وەرێخستوە، هەمویان مەلەفەکەیان دەخرێتە ڕوو، وەهەمویان تاوانباران بەرامبەر بەخەڵکی عێراق و کوردستان و تەنانەت ناوچەکەش.
هاوکات ئەمریکاو زۆرێك لەدەوڵەتانی غەرب، تا دەگات بەناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی تا دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە، هاوکاری راستەوخۆی بەعس و سەدام حسێن بون، بەکۆمەکی ئەوان و بەچەکی ئەوان و بە بەرچاو ئاگاداری ئەوانەوە ئەم درندایەتی یە دەرهەق بە خەڵکی ئەنجامدراوە، ئێستا هەر ئەم تاوانبارانە دەیانەوێ بە روداوی دوجیل، پەردەپۆشی ئەم مێژووە ئەم درندایەتیە مێژویە بکەن و بەداسەپاندنی حوکمێك بەسەر سەدام حسێن و سەرانیدا، مەسەلەی دادگایکردنێکی ئاشکراو جەماوەری و عادلانەو قانونی و سەدام حسین و سەرانی دوربخەنەوە، بۆ ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی تاوانکاریەکان، هاوکاران و بەشدارانی و پشت و پەناکانی ئەو درندایەتییە، بۆ هەمیشە لەچاوی جەماوەری متەمەدینی دنیاو ڕای گشتی بشارنەوە. نابێ رێگە بە پیلانێکی ئاوا چەپەڵ بدرێت!
مەسەلەیەکی تر ئەوەیە، هاوکاری غەرب و ئەمریکا بۆ بەعس و بەشداریان لەوتاوانکاریانەدا، بەشداری وهاوکاری ناسیونالیزمی عەرب لەدنیای عەرەبدا لەگەڵ بەعس، بەشداری ناسیونالیزمی کوردو عەرەبی ئۆپۆزیسیۆن، ئیسلامی سیاسی حەکیم و سات وسەودای بەردەوامیان لەگەڵ بەعس و رێکەوتنی یەك لەدوای یەك لەگەڵیاندا..
بەر لەهەموو شت ماهیەتی هەرکام لەو بزوتنەوەو رەوتانە نیشان ئەدات کەچەندە ئامادەباش بوون، لەسەرلاشەی لەخوێن هەڵکێشراو سەرەنگومکردنی خەڵك‌و ئیعدامی هەزاران ئینسان‌و غازبارانکردن...تاد، خەڵکی عێراقدا، درێژە بە پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ بەعس و هاوکاری کردن لەگەڵیدا پەرەپێبدەن، لە پێناو بەرژەوندیە دژی ئینسانیەکانی خۆیان و بەش وەرگرتن لە دەسەڵاتدا.
سەدام حسین و سەرانی تری بەعس وێنەیەکی پڕاوپڕ لەرابەرانی بزوتنەوەی ناسیونالستی عەربی نیشانئەدات، بزوتنەوەیەك کەبەر لە کەسەکانی، بەر لەسەدام حسین و سەرانی تری، هەڵگری شێوازیکە لە "فتوا" فتوای قبوڵنەکردنی ئەوانەی قبوڵم ناکەن، فتوای مۆردانی قەومچێتی لەناوچەوانی دانیشتوان‌و بەگژیەکداکردنی دانیشتوانەکەی لەسەر بنەمای قەومی، فتوای" نەتەوەی رەسەن و نارەسەن" "خەلکی جسن و ناجسن". لەدیدگای بزوتنەوەومەکتەبی فکری بزوتنەوەی ناسیونالیستیدا" هەر ناسیونالیزمێك" لانی کەم بەدوای شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە، هەڵگری جۆرە فایرۆسێکە، کە ئایدزی سیاسی وێرانکردنی کۆمەڵگایە، قدوسیەتی کەلتور، زمان، خاك وئاو، نیشتمان، رەمز، میژوو، داب‌ونەریت... هیندە لای پیرۆزە، رەتکردنەوەی کفرە، پارێزەرانی ئەم هەموو قودسیاتە، رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە دەبن، رابەرانیشی یانی ئەوانەی دڵسۆزانە بۆبەرگری لەم پۆخڵەواتەی ناوی نراوە "مقەدەسات" دەجەنگن، سەدام حسین و سەرانی تری ناسیونالیزم" هەر ناسیونالیزمیك" قارەمانانی پاریزەری ئەم پۆخڵەواتەن و لە ژێر ناوی پاراستنی ئەمانەشدا، سەرکوت و شکنجەو ئیعدام، جینۆساید دەبێتە وەزیفەیەکی مقەدەس بۆ پاراستنی مقەدەسات. سەدام حسێن و سەرانی تری لە عێراقدا ئەگەر بەتاوانی بەرگری لە نیشتمان و خاك وئاو دین و کەلتور، دەدرێنە دادگا، ئەوا تاڵەبانی بارزانی، حەکیم و بۆتەفلیقە، موئەمەر قەزافی و حوسنی مبارەك، ئەسەدی کوڕو شێخە پاسەوانەکانی نەوتی کەنداو...هەمویان لەژێرناوی بەرگری لە نیشتمان و بەرژەوەندی باڵای مەملەکەت و مقەدەساتی میللەتی خۆدا، هیچیان لەسەدام کەمتر نیە، کەپکی حەمەداغای کوردستان" تەپۆلکەیەکە"هەزاران ئینسانی لە جەنگی ناوخۆدا هەڵوشیوە.
راستی ئەوەیە کە بزوتنەوی ناسیونالستی لە دنیای هاوچەرخدا بزوتنەوەیەکی دژی ئینسانیە، بۆیە رابەرانی ئینسانی نابن، ناسیونالیزم تاوانبارە بەرامبەر بەحەقی بەشەریەتی ئەم سەردەمەو دەبێ ئەم بزوتنەوەیە وەکو ئیسلام و ئیسلامی سیاسی کە هەڵگری فتوایيە بۆئەوانەی رەتی دەکەنەوە و قبوڵی ناکەن، بخرێتە دادگای عادلانەی شۆرشی جەماوەری متەمەدینی سەردەمەوە، ئەوکات خەڵك دەستی لەدەستی سەدام حسێنەکانی دەبێتەوە.
ئەو سەدام حسێنانەی هەرئێستا لەدەرەوەی زیندانەکانن لە عێراقدا، گەورەترین زیندان و رۆژ رەشیان بۆخەڵکی عێراق داخستوە.
هەریەکەیان بەچکە سەدام حسێنێکن، درەنگ یان زوو دەبێ ئەمانەش بدرێنە دادگا، بەڵام دادگایەکی عادلانەو ئاشکراو قانونی.
رزگاربوون لەدەستی ئەمانە، لەگرەوی ڕزگاربوون لەدەست بزوتنەوەی ناسیونالستی و دینی هاوشانی دایە.

2005-10-22